دەزگای ئاسایشی هەرێم ڕوونکردنەوە سەبارەت بەڕووداوی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێک لە سلێمانی بڵاودەکاتەوە

دەزگای ئاسایشی هەرێم ڕایگەیاند، نیوەڕۆی ئەمڕۆ ڕۆژی 2ـی تەمموزی 2024، کاتژمێر 11:30 بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێک لەجۆری کیا سپۆرتاج ڕەنگی سپی کە لەئێستادا هۆکاری تەقینەوەکەی نەزانراوە، بووە هۆی برینداربوونی دووکەس بەسەختی، کە یەکێکیان شۆفێری ئۆتۆمبێلێک و ئەوەی دیکەیان سەرنشین بووە و لەئێستادا لێکۆڵینەوە لە هۆکاری تەقینەوەکە بەردەوامە.

پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ سێشەممە، ئۆتۆمبێلێک لەنزیک پڕۆژەی نیشتەجێبوونی میران ستی لە گەڕەکی ڕاپەرین لە شاری سلێمانی تەقییەوە، کە لەئەنجامدا دوو کەس بەسەختی برینداربوون، کە یەکێکیان هەردوو قاچی لەدەستدا.